www.kurdistannet.org
7-2-2006 11:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# قەیرانی ئێران و مەترسی چەکی ناوکی ... شەیدا بڵباس

شەش وولاتەهەمیشەئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی [ ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و روسیا و چین]، کەخاوەن بریارن؛ مشتومرێکی درێژخایەنیان لەبارەی پێتاندنی یۆرانیۆمی ئێران، کەسەرەتای دروستبوونی چەکی ناوکی لێرەچاودەکرێت، رۆژانەلەگفتوگۆدان و میدیاش وەک بابەتێکی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی وولات لەجیهاندا، بەشێوەیێکی زەق دەخاتەبەر چاو.
بەدەستهێنانی ئەم چەکەلەئێران، لەجیهانی شیعەگەری ئیسلامیدا و ناوجەرگەی خۆرهەلاتی ناوین، دیارەهاوکێشەسیاسیەکانی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی هەڵدەوەشێنێتەوەو کاریگەری خۆی دەبێ، بەتا یبەتی گورزوەشێنێکەلەبەرژەوەندی سەرمایەی ئەمریکا و هەڵتەکاندنی روحی کیانی ئیسرائیل.. هەرچەندەئیسرائیل خاوەنی زیاتر لەدووسەد چەکی ئەتۆمیەوهەربەوەش توانیویەتی بەرگری لەخۆی بکا و بێباکانەلەگەڵ کێشەکانی ناوچەکەروو بەروو ببێتەوە.
لەم دوایەدا، ئەم چەکەکوشندەیە، پاکستان و هیندیش بوون بەخاوەنی و لەدژ بەیەکتر، لەهاوکێشەکانی هاوسنووریدا خێسەلەیەکتر بکەن، بەفێزەوە. جا پاکستان وولاتێکی ئیسلامیەو تارادەیێک خەڵکی توندرەویشن لەسەئایین و ئایینزاکانیان، کێشەی گەورەشیان لەگەڵ هیند لەسەر مەسەلەی کشمیر، تائێستا هەر بەردەوامەو یەکلا نەبۆتەوە.
ئێرانی ئیپراتۆری فارس، لەژێر چەتری شیعەگەری و هاواری پاننیزمێتی و تەشەنەی بۆ دووبارەبووژانەوەی ئایین لەچەشنی توخمێکی روحیدا، بەبەدەستهێنانی ئەم چەکەکوشندەیەی کەماوەیێکەجیهانی رۆژئاوای هێناوەتەلەرزی چارەسەری و پێشگری لێکردن. ئاکامی کارەساتی چاوەرێنەکراوی لێدەکەوێتەوە.. چۆن ئەم چەکەمەترسیەکەی زۆر کوشندەترەلەچەکی کیمیاوی و بایلۆجێی کەرژێمەبۆگەنەکەی ئێراق بۆ بنبرکردنی نەتەوەی کورد، خەریک بوو کوردستان و شوێنەواری بسرێتەوە. دیارەکوشندەی ئەم چەکەئەوەندەی مەترسی بەسەر کوردستانەوەهەیە، نیو هێندەی مەترسی بۆ سەر ئیسرالی خاوەن چەکی ئەتۆمی و ئەمریکای سوپەرپاوەری جیهان، لێناکرێت. چونکەچەکدار هەمیشەمێردەزمەتی خۆی بەرامبەر بێ چەکە، تا دەمی هەرەشەی لەلەخۆ بەهێزتر بگرێت. شتێکی بەڵگەنەویستەگەر ئێران ببێتەخاوەن ئەو چەکە، رۆژئاوا نەچێتەسەر مێزی سازش و لەدانوسەندن زیاتر شتێکیتر بۆ بەرژەوەندی نێوان دوولایەنە؛ بۆ نامێنێتەوە! بەلام جیابوونەوەو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، دەبێتەخەون و خەیاڵ.
ئەگەری یەکبوونی تەواوی وولاتانی ' ئۆریانتاڵ ' چاوتەنگی ئاسیای دوور، چ لەژێر سێبەری پێستی رەنگ زەرد و ئایینی بودایی، یا هەر رەگەزێکی تربێت، لەداهاتوویێکی نزیکدا دێتەئاراوە. کیشوەری ئەفریقای رەش پێستیش، رۆژێک بەم ئاواتەهەر دەگەن. وولاتانی باشووری ئەمریکاش، کەبەرازیلی لێدەرچێت، زۆربەیان ئیسپانی زمانن و هەژاری بەرەو کەناری مەرگ لێیان میوانە؛ کاریگەرێکی ئەوتۆی بۆ سەر ئیکۆپۆلۆتیکی ئەمریکا نییە. ئەم خەونەزۆردەمێکەناسیونالی ئایینگەری عەرەب بەچاویلکەی شۆفێنیزمی فاشیست و ترۆر، لەجیهانی ئیسلامیدا کاری لەسەردەکاو عەودالیەتی. بەلام سەرنەکەوتنی دەگێرێتەوەپاڵ ناسەربەخۆیی سەرکردەی وولاتانی عەرەبی، بەتایبەتی وولاتانی کەنداو

کەلەڕوو ئابووریەوەپتەو بەهێزن.. بۆیەشیعەگەری ئێران دوای 27 ساڵی دامەزراندنی کۆماری بەناو ئیسلامی سوودی لەو بۆشاییەسیاسیەبینیوە، کەوا لەم دەرفەتەهەنووکەییەبقۆزێتەوەتا خرۆکەیێک لەدەوری خۆئالاندن دروستکاو؛ زەنگی جەنگی ئەو مەترسیەلێبدا . چونکەئێرانی ئیسلامی بەبوونی چەکی ئەتۆمی دەتوانێت زۆربەئاسانی هەیبەتی کیانی خۆی بەسەر تەواوی وولاتانی دەوروبەری زاڵبکاو کەهەموویان ئیسلامن؛ وەپشتگیری لەپارت و ڕێکخراوەئیسلامی توندڕەوی ' شیعەو سوونی ' لەناوچەکە، وەک مێشوولەی قەڵس و جاڕسکەر بێنێتەخرۆش و بەدووریشی مەزانەکەئەگەر ڕۆژئاوا بەم شێوەغەم ساردیەبچێتەپێشەوەو غەمێکی گەورەی لێنەخوا، ئێران نەبێتەکۆکەرەوەی جیهانی میللەتانی موسولمانان و، لەئەندهوسیا وەتا مۆریتانیا نەچێتەبن باڵی و لەژێر چەتری ئایینی بەڕیمۆتی دەستی شیعەچەپەڵەکانی ئێرانی، کۆنترۆڵ نەکرێت!

ئێران بەواتای کۆی سەرجەم میللەتانی ئاری، یاخود سەرزەمینی ئاریان، لەپێنج نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە.. کەئازەری بەگەورەترین و کوردیش دووەمەو ئینجا فارس بەپلەی سێیەمی دانشتووانی ئێران دێت، لەدواتریش بەلوچ و عەرەب. لەسەرەتای دروسبوونی ئێران وەک وولات زمانی فارسی سەپێنراوەبەبوونی زمانی فەرمی و خوێندن و نووسین لەتەواوی دامودەزگای دەستەڵات. ئەو تەوژمەشیعەگەرێتییەش هەر لەسەردەمی پەهلەویەکانەوە، وەکو دینەمۆ لەدەستووری وولاتدا کاریگەری خۆی هەبووە.

سەرۆک کۆماری ئیسلامی لەخۆڕانییەکەدروشمی دژەئیسڕائیل بەرز دەکاتەوە؛ تا هەر هیچ نەبێت، سەرنجی ڕۆشنبیرانی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی بۆ پشتگیری لەچەکی ناوکی، لەخۆ کۆبکاتەوەو ئەم جیهانەسڕبووەش جارێکیتر بەخرۆش بێنێت. ئەگینا سایکۆی کەسایەتی فارس، سەدەێکی تریش بەم قۆناغەناگات، کەبتوانێت هەڕەشەی سڕینەوەلەوولاتێکی بەهێزی وەک ئیسڕائیل بکات!

پرسیاری ئەو قەیرانەی ئێران ئەوەیەکەئایا بۆتەخاوەن چەکی ناوکی، یان نە؟! خۆ ئەگەر ئەم چەکەی بەدەستهێنابێ، دیارەئەمریکا و ڕۆژئاوا ناتوانن، بەهەمان شێوەی عێراق هەلسوکەت و رەفتار لەبەرامبەر ئێرانیش بنوێنن! بەڵام گەر هێشتا نەیتوانیبێت پێی بگا؛ ئەوا لەگەڵ لێدانی دەوڵەتی کوردیش لەدایک دەبێ و، نەک تورکیا، هیچ هێزێک ناتوانێ ببێتەکۆسپ بۆ ئەم مەبەستەو ئێرانیش بەپێنج وو لاتی نەتەوەیی دابەشدەبێت؛ کەهیچ نامێنێت بۆ پیرۆزی خاڵی هاوبەشی نێوانیان، کەئێرانێکی زۆرەملێی لێدروست بێتەوە. ئەم ڕاستیەبرا فارسەکان بەچاکی هەستی پێدەکەن و دەزانن ئەمجارەبەتەنیا خۆیان دۆڕاوون.. هەر بۆیەئۆپۆزیسیۆنی فارس لەدەرەوەی وولات بەهەموو هێزێک بەرەنگاری لەلێدانی ئەمریکا دەکەن؛ بەتایبەتی کۆمەنیستەدۆڕاوەکەی مەنسور حیکمەتی، کەئەمڕۆ بەئاشکرا بانگەوازی پشتگیری خۆیان بۆ ڕژێمەبۆگەنەکەی ئاخوندەکانی قوم و تاران دووپاتدەکەنەوە.. کەتاکو ئێستا بەزەرووی خۆێنمژی گەلانی ئێرانیان دەخوێندەوە.